# سەبارەت بە ماددەی ١٤٠، رۆژی گەل تووڕیی کەرکوکیەکان دەنووسێتەوە



دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان یەک لایەنە بڕیاریدا کە ماوەی ماددەی ١٤٠ درێژ بکرێتەوە، کوردستانیان پێیانوابوو کە لە سەرەتای مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ دا کورد بەخۆ دەکەوێ و شێلگیرانە بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە هەنگاو هەڵدەگرێتەوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی مانگێک هێشتا چارەنووسی ئەو ماددەیەو کێشەی کەرکوک نادیارە و هیچی بۆ نەکراوە، بۆیە کوردستانیان بە گشتی و کەرکوکیەکان بە تایبەتی بە نیگەرانیەوە لە داهاتووی ناوچە دابڕاوەکان دەڕوانن، کەرکوکیەکان بە تووڕەییەوە روو لە پەیوەندارەکان دەکەن و دەپرسن" ئایا چارەنووسمان چی بەسەر دێ؟ بۆ ئەم مەبەستە هەفتەنامەی **رۆژی گەل** بە پێویستی زانی لە نزیکەوە کەرکوکیەکان بدوێنێ و پەیامی ئەوان بە بەرپرسان بەگەیەنێ.

کاک **(م. گەرمیانی)** کە ئەندامێتی لە حزبێکی کوردستانیدا هەیە، لە وەڵامی ئەوەی کە ئایا چۆن لە ماددەی ١٤٠ دەڕوانێ؟ گوتی: "ئێمە کاتی خۆمان بە کۆبوونەوەو دانیشتنی پشت مێزەکانەوە دەکوشت، راستیەکانمان لە خەڵک دەشاردەوە، بەڵام نەماندەزانی کە جێبەجێ ناکرێ، چونکە پشتمان بە لێدوان و قسەی بەرپرسەکانمان بەهێزبوو، ئەوان هەزاران سوێندیان دەخوارد کە سازش لەسەر کەرکوک ناکەن و ناهێڵن یەک چرکەش دوا بکەوێ، ئەوان بە فەرمی ئاگاداری ئێمەیان دەکردەوە کە کێشەکە ناوەخۆییەو عێراقیەکان خۆیان چارەسەری دەکەن و رێگە نادەن بە نێودەوڵەتی بکرێ، بەڵام پێچەوانە شکایەوە، هەم جێبەجێ نەکرا، هەمیش خوا خوایانە رەوانەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ، لەو کاتەشدا دەزانن کە بەزیانی نەتەوەی کورد تەواو دەبێ.

لە شەقامی جەمهوری کەسێکمان راگرت و پرسیارمان لێکرد، ئەو بەناوی **سەلاح ئەیوب** و وەک مامۆستای فێرگەی سەرەتایی خۆی پێناساندین، لەم بارەیەوە گوتی: " بەراستی من باوەڕم بە بەڵێنەکانی بەرپرسان نەماوە، ماددەی ١٤٠ کەوتە ناو بەستی خاسە و ئاو بردی و رۆیشت، کەرکوک دەکرێ بە هەرێمێکی سەربەخۆ، با ئێمەی کورد هەوڵبدەین بەشی کورد لەو هەرێمەدا مسۆگەر بکەین.. ئێوە بچن لە ئاوارە گەڕاوەکاندا بپرسن، ئەوان دەزانن چۆن وەڵامتان بدەنەوە! ئەوان لەنێو زبڵدان و زەلکاودا دەژین، حزبەکان و سەرکردەکان و بەرپرسەکان ئاوڕیان لێنادەنەوە، خۆیان لێ بەخاوەن ناکەن.

لە گەڕەکی **ئازادی**دا ژنێک دووعەلاگەی گەورەی بە دەستەوەبوو، هیلاک و ماندوو بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، عەبا رەشەکەی بە دوایدا دەخشا، خۆمان پێناساندو رووی پرسیارمان تێکرد، ئەو ناوی خۆی پێنەگوتین و بە تووڕەییەوە گوتی: " کاکی خۆم بۆچی ئەم پرسیارانە لە من دەکەیت؟! بڕۆ لە بەرپرسەکان بپرسە! ئەوان کە هاتنەوە کەرکوک هیچیان نەبوو، ئێستا ماشەڵڵای لێبێ، خانوویان هەیە، سەیارەیان هەیە، لە ناوماڵیان سەرت سوڕدەمێنێ، ئینجا چ باکیان بە ماددەی سەدوچل کەوتووە؟ هەتا هەبێ دەیخۆن، دوایی تێی دەتەقێنن، زۆربەشیان پەساپۆرتی ئەوروپیان لەباخەڵە، ئەوانەی نیشیانە، هەوڵ دەدەن بە ناوی کەرکوکەوە وەریبگرن"

لە نێو بازاڕی گشتی کەرکوک، پیاوێک لەبەردەم دوکانەکەی خۆیدا دانیشتبوو، سڵاومان لێکردو خۆمان پێناساند، ئەو ناوی **حاجی مەناف** بوو، دەیگوت لە عەشرەتی زەنگەنەم، نەیدەیوست وەڵاممان بداتەوە، دواتر گوتی: " کوڕەکەم کاسێتێکی فەرهاد سەنگاوی کڕی بوو، دەیگوت: کڵاو کڵاوی ١٤٠، منیش دەتوانم سوێند بخۆم کە هەر لەسەرەتاوە ماددەی ١٤٠ نەبوو، کڵاوی ١٤٠ بوو، ئاخر قابیلە ئەو حەمکە سیاسیەمان هەبێ و نەزانن کە ئەو کێشە گەورەیە لەو ماوە کورتە جێبەجێ ناکرێ!! من لەگەڵ ئەوەم کەرکوک بگەڕێتەوە سەر کوردستان، بەڵام لە ئێوە دەپرسم: بۆ ئەمە چی کراوە؟؟ کوا هاوکاری و مساعەدەی حزبە کوردستانیەکان؟؟ بۆچی ئەوان ناچن دڵی تورکمان و عەرەبە حەدیدیەکان بۆ لای خۆمان راناکێشن؟؟ ئەوان هەر جرت و فرتیانە، بە قافلەیەک حیمایە دێن و بە خێرایی تێپەڕ دەبن، ئاخر کێ ئەوانە دەبینێت و چۆن دەنگی خۆمانیان پێ بگەیەنین؟؟"

لە نێو قەیسەریدا رووی پرسیارمان لە کابرایێکی ئاڵتوون فرۆش کرد، پێدەچوو کوردی بە باشی نەزانێ، بە عەربی وەڵامی داینەوە" من **سائیب**م ناوە، پشتاوپشت خەڵکی کەرکوکین، کەرکوکیشم لەهەموو دونیا خۆشتر دەوێ، بەڵام ئەوە بەچاوی خۆتان دەبینن شارەکە کەلاوەیە، وێران بووە، جارێک بەعس، جارێک حزبە کوردیەکان و جارێک بەرەی تورکمانی، ئاخر نازانم بۆ وا لەم شارە دەکەن؟؟ هەقە خاکەکەی بخرێتە سەرچاوان و بیپەرستین، بەڵام ماددەی ١٤٠ هەر لەناو رۆژنامەو بڵاوکراوەکاندا ناوی هەبوو، کەس لە دڵەوە کاری بۆ نەکرد، من پێمباشە بکرێتە شاری برایەتی و خەڵکەکەی بۆ خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، ئەگەر بە حەزی من بێ، دەمەوێ هەرێمێکی سەربەخۆبێ، کەس کوێخایەتیمان بەسەردا نەکات، بۆ من کەرکوک وشەی یەکەمە، هیچ جیاوازیش لەنێوان عەرەب و کوردو تورکمان و مەسیحی ناکەم، دواتر ئێوەش دەزانن کە سەرکردەکان چیان بوێ، ئەوە دەکەن، خۆ خەریک کردن بەو کێشەیە ماندووبوونی زۆری بەدواوەیە، ئەگەر بە رای من دەکەن، وازی لێبێنن، بۆخۆی چارە دەکرێ"

لە گەڕەکی ساری کەهیە، ژنێک دەیویست سەیارەکەی بباتە حەوشە، دیاربوو لە دەوام دەگەڕایەوە، بەپەلە خۆمان گەیاندێ و خۆمان پێناساند، ئەویش بە ناوی **ئوم ئادین** خۆی پێناساندین، بەڵام زۆر هەوڵماندا ئامادە نەبوو کە وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە، راشکاوانە پێی گوتین:" ئەندامی بەرەی تورکمانیم، پێمگوتراوە بە هیچ شێوەیەک قسە بۆ بڵاوکراوە کوردیەکان و تەلەفزیۆنە کوردیەکان نەکەم، من قسەتان بۆ ناکەم و خۆم نان بڕاو ناکەم! ئێمە حەز ناکەین کەرکوک بچێتە سەر هەرێمی باکور، ئەوان بۆ خەڵکی خۆیان هیچیان نەکردووە، ئینجا چی بۆ ئێمە دەکەن؟؟"

دوای ئاشنابوونمان بە بۆچوونی خەڵکی کەرکوک سەربارەت بە ماددەی ١٤٠ و خستنەڕووی تووڕەیی ئەوان، کە دەیانویست دەنگیان بە سەرکردەکان و بەپرسان بگات، هەقە بەرپرسانی حزبی و حکومی هەرێمی کوردستان ئاوڕێک لە خواست و داخوازیەکانی دانیشتووانی شاری کەرکوک بدەنەوەو بەخێرایی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانیان بدەن. پێویستە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەیەکهەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەیان هەوری نائومێدی لەسەر کەرکوک بڕەوێننەوە، هیواو ئومێد بۆ خەڵکی رەسەنی شارەکە بگێڕنەوە.

هەرچەندە کە وەدرەنگ کەوتووە، بەڵام ئیدی کاتی ئەوەیە خزمەت بە شاری کەرکوک بکرێ، شارەکە پاک و خاوێن بکرێتەوە، لەدەست زبڵ و خاشاک رزگار بکرێ، کێشەکانی بژێو بۆ کەرکوکیەکان چارەسەر بکرێن، دەنا لەبەرانبەر مێژوو، لەبەرانبەر کوردستانیان و کەرکوکیەکاندا بێوەڵام و شەرمەزار دەمێنیتەوە.

ئا: رۆژین و هەتاو

# بۆچی دەسەڵات توێژی گەنجان بەرەو پەڕاوێزی دەبات؟!

گەنجان ئەو توێژەن کە بەردەوام دەسەڵات تۆمەتباردەکەن کە گەنجیان پشتگوێ خستوە و هیچ حسابێکی ئەوتۆیان بۆ ناکات، تەنیا لە هەندێ کاتی پێویست نەبێت کە حکومەت ناچار دەبێت بگەڕێتەوە بۆ لای گەنجان تا باری هاوسەنگی سیاسی خۆی لەدەست نەدات و بارودۆخەکە تێک نەچێ، بەڵام گەنجان لەم کاتەدا پێویستە جێ دەستی خۆیان دیاری بکەن و بەقسە و پروپاگەندەی دەسەڵات باوەڕنەکەن، گەنج رۆژانە چەندین پرسیار ئاراستەی دەسەڵات دەکات، بەوەی داواکاریەکانی گەنجان بەدی ناهێنن، ئەوان دەخوازن کە خواستەکانیان جێبەجێ بکرێن.

**کەمال وەهاب** وەک گەنجێک بۆ رۆژنامەکەمان وتی"دەسەڵات لەوڵاتی ئێمەدا بە هیچ جۆرێک رێگە بەگەنج نادات و گوێ لێناگرێ، بەڵکو بەئارەزووی خۆی کارەکانی وڵات بەرێوەدەبات. خەون و ئاواتەکانی گەنج دەروخێنێت، هەوڵەکانی گەنج بەکەم دەنرخێنێ، گەنج بێ ئیرادە دەکات و دەیەوێ تەنیا چاوەڕوانی دەسەڵات بێ، تاخیرێک بەگەنجە بکات"

**بەرپرسی** رێخراوێکی گەنجان دەڵێت: "ئێمە خولی جۆراوجۆر دەکەینەوە و بەبێ مەرج هەموو گەنجان دەتوانن بەشداری تێدا بکەن، تایبەت بە گەنجانی حزبێکی دیاریکراو نیە، هەموو گەنجان و لاوان لای ئێمە وەک یەکن"

**ئامانج فاتیح** تەمەن٢٣ساڵ باس لەوەدەکات کە دەسەڵات هەموو شتێکی بۆخۆی قۆرغکردووە رێگە بەکەس نادات بجوڵێتەوە و شتێک بڵێت، ئەگەر کەسێک یان لایەنێک چالاکیەک یان شتێکی بەرچاو بکات پێی دەڵێن دەستی لەپشتەوەیە، یان ئاژاوەگێرە، بۆیە گەنجیش وابێ دەنگ بووە"

سەبارەت بە نەبوونی گەنجی داهێنەر و بەهرەمەند **ئامانج** وتی: "گەنجان خزمەت ناکرێن، باری دارایمان باش نیە، بۆیە داهێنانەکانی ئێمەی گەنج لەلایەن دەسەڵاتەوە خنکێندراون و بەهرەکانمان دەرناکەون، ئێمە خەریکی بژێوی ژیانین و کاسپی دەکەین"

ئامانج ئەوەشی نەشاردەوە کە گەنجان لەلایەن خۆیانەوە زۆر سستن، بەڵام ئەوەشی بۆ دەسەڵات گەڕاندەوە، ئەو بەباشی زانی دەسەڵاتی کوردی بەخۆیدا بچێتەوە و خۆی بەرامبەر گەنج چاک بکات و چیتر گەنجان پشتگوێ نەخات"

**کاوە جەلال** تەمەن ١٨ساڵ، دەڵێ: "لەوڵاتی ئێمەدا هەرکارێک بکەیت دەبێ چاوەڕوانی دەسەڵات بکەیت، ئایا رازیە یان نا، بۆیە تاوانی خۆمان وەک گەنج ئەوەیە کە باوەڕمان بە تواناکانی خۆمان نیە، بۆ من وەک گەنجێک تەنیا دەسەڵات تاوانبار ناکەم، گەنجیش بەشێکە لە کێشەکان" هەروەها جەختیشی لەوەکردەوە لە هەموو دنیا دەسەڵات خاوەنی بڕیارەکانە و هەموو یاساکانیش لە دەسەڵاتەوە دەردەچن، ئەو یاسانەش دەبێت لەلایەن هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایەوە جێ بەجێ بکرێت، ئەگەر بەدڵیشیان نەبێ"

سەبارەت بەگەنجی بەهرەمەند **کاوە** دەیگەڕێنێتەوە بۆئەوەی کە زۆربەی گەنجان خەریکی بژێوی ژیانن و ئەمەش وادەکات گەنجان زیاتر خەریکی کۆکردنەوەی پارە بن، بەوهۆیەوە بەهرەکانیان لەبیر دەکەن و شتێک نامێنێتەوە کە ناوی بنێین داهێنانی گەنجانە، هەرچەندە ئەو پارەیەی پەیدادەکەن کەمە و بەشی کڕینی دوو کتێبی بەسوود ناکات، واتە بەلای منەوە کەمی داهێنان لە ناو گەنجاندا دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی باری ئابوری گەنجان.

سەبارەت بەبێ توانایی گەنجی کورد لە بوارە جیاجیاکاندا وتی: "بەپلەی یەکەم حکومەت و دەسەڵات بەرپرسە، چونکە حکومەت هەتا ئێستا نەیتوانیوە ژیان و گوزەرانی باش بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دابین بکات بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی، هەروەها گەنجانی وڵاتی ئێمە لە تواناکانی خۆیان بەگومانن و هەوڵنادەن لەشتی بچوکەوە بۆ کاری گەورە دەست پێبکەن، هەروەها شتێکی تریش کەوای لەگەنج کردوە بەتەواوەتی لەدەسەڵات ساردبێتەوە بۆ بەدی هێنانی ئاواتەکانی نەمانی متمانەیە لە نێوان دەسەڵات و گەنجاندا. کاتێک کە گەنجان متمانەیان بە دەسەڵات نەمێنێ، ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەڵێن و پەیمانانەی بە گەنجانیان داوە و جێبەجێیان نەکردون"

**ئەژی ناسر** گەنجێکی تەمەن ٢٢ساڵ، فێرخوازی زانکۆ، پێیوایە دەسەڵات لەهەردوو لایەنی سیاسی و ئابووری دا سەرچاوەیە، دیارە ئەم دوو لایەنەش دەتوانن ژیانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بەرێوەبەرن،بۆیە دەسەڵاتی بە هۆکاری سەرەکی داناو بەوەی تۆمەتبارکرد کە گەنجی ناچار کردووە کە تەنیا دەست لە حکومەت پان بکاتەوە.

ئەژی وتی: "جیاوازی دەسەڵاتی وڵاتی ئێمەو ئەوروپا لەوەدایە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ئەوروپا بۆ خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان و گەنجانی وڵاتەکەی خۆیان سەرمایەداری دەکەن، بەڵام بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئێمە بۆ خۆشگوزەرانی خۆیان و دەوروبەر و خزم و کەسوکاری خۆیان و دەوڵەمەندکردنی خودی خۆیان لەسەر حیسابی گەنج و لاوانی ئەم وڵاتەدا دەستەڵاتداری دەکەن "

ئەژی سەبارەت بە کەمی گەنجی بەهرەمەندی کورد، وتی: "ئەمە قسەیە، بە تەواوەتی وانیە گەنجی داهێنەری هەبوە لەگەڵ ئەو هەموو ژیانە دژوارەی کەبەسەری بردوە، بەڵام گەنجی بەهرەمەندی بەشی خۆی هەبووە، ناتوانین بڵێین هەر نەبووە، بەڵام بەداخەوە لەلای ئێمە دەسەڵات وای لەو گەنجانە کردوە کە بەهرەکانیان لەخزمەت میلەتەکەیان بەکارنەهێنن و بەکپ کراوی ماونەتەوە، بۆ نمونە ئەگەر گەنجێک پرۆژەیەکی هەبێ ئەوا هیچ هاندەرێک و یارمەتیەک نیە بۆ ئەوەی پرۆژەکەی بەسەرکەوتووی بەئەنجام بگەیەنێت. دەسەڵات بەردەوام هەوڵدەدات گەنج بێ توانابکات، بۆئەوەی بەلاواز لەقەڵەمی بدا، بۆیە دەبێ گەنجان زۆر وریاتربن، چونکە قەد رۆژێک لە رۆژان دەسەڵات بەئارەزووی گەنجان ناجوڵێتەوە. سەبارەت بەوەی کە گەنجی کورد گەنجێکی تەمبەڵ و بێ بەرنامە و پلانە، تەنیا بۆ ژیانی خۆی ئەژی و بەس، ئەو وتی: " زۆر بەداخەوە کەهەموو کێشەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات، چونکە دەسەڵات هیچ بوارێکی بۆ گەنج نەرەخساندوە تا توانا و هێزی خۆی تێدا ببینێتەوە، هەروەها خراپی سیستەمی پەروەردەش وای لێکردوە کە گەنجێکی وادەردەچێت کەهیچ ئامانجێکی نەبێت و بەشێوەیەکی هەرەمەکی بیر لەژیان بکاتەوە، بە دڵنیایەوە ئەمەش ئەنجامێکی باشی نابێ، چونکە تائێستا پرۆژەیەکی خزمەتکردن و کارگەی بەرهەمهێنان نیە کەکاری تێدا بکەن، بۆیە ناچار بەبێ توانا و تەمەڵ ناودەبرێ"

رۆژانە چەندین پرسیار لە مێشکی گەنجدا دەخولێتەوە، هەتا کەی گەنج چاوەڕوانی دەسەڵات بێ؟! هەتاکەی گەنجی کورد دەیەوێ هەموو شتێکی بەئامادەکراوی بۆ بێتە بەردەست؟! تاکەی دەسەڵات پێداویستیەکان بۆ گەنجان دابین بکات؟ ئەی بۆچی گەنجی ئێمە تێناکۆشێ و هەوڵنادات تواناکانی بخاتە گەڕ بۆ دەستەبەرکردنی داخوازیەکانی خۆی؟

**رێبوار حەسەن** کە گەنجێکی تەمەن ٢٥ساڵەیە، کێشەکانی گەنجانی بۆ نەبوونی ئازادی تاکەکەسی گەڕاندەوە و وتی: "گەنجی وڵاتی من لە زۆربەی کارەکانیدا ئازاد نیە و ناتوانێ بەئازادی کارەکانی خۆی راپەڕێنێ، بۆیە بەناچاری چاوەڕوانی دەسەڵات دەکات"

هەر سەبارەت بە کێشەی گەنجان، رێبوار درێژەی پێداو وتی: "زۆربەی ئەو رێکخراوانەی گەنجان و لاوان بۆ چەند کەسێکی دیاریکراوە، بۆ تێرکردنی هەندێ کەسن و بەرێژەیەکی کەم خزمەت بە گەنج دەکەن، لە توانایاندا نییە گەنجی داهێنەر بەرهەم بهێن، چونکە ئەو ئەعەقڵەی لەو رێکخراوانەدا کاردەکات، عەقڵێکە لەسەر بنەمای بیری حیزبایەتی دامەزراوە، هیچ گۆرانێکی وایان لێ چاوەڕێ ناکرێت، ئومێد نیە کە بەبۆنەی ئەوانەوە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا بکرێت"

هەروەها رێبوار دەرئەنجامەکانی پشتگوێ خستنی گەنجانی بەمەترسیدار زانی و وتی: "ئەگەر دەسەڵات بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە بەردەوام بێت، لەوانەیە گەنج بەروو کردنە هەندەران و چەند رێگەچارەیەکی تر وەڵامی دەسەڵات بداتەو، بۆ نموونە ساڵی رابردوو گەنجێکی زۆر روویان لەهەندەران کرد، بەرپرسیاری یەکەمی ئەم دیاردەیەش دەسەڵاتە، چونکە ئەو وای کردووە کە گەنج وڵاتی خۆی لەبەرچاو کەوێ و هیچ ئینتیمایەکی بۆ وڵاتەکەی خۆی نەمێنێ"

بۆ چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانی گەنجان، هەموو لاوێک ئاوات دەخوازێ کە دەسەڵات بەخۆی دابچێتەوە، پڕۆژەی تایبەت بە گەنجان پێکبهێنێ، پێداویستیەکانیان بۆ دەستەبەرو دابین بکات.

ئێمەش وەک گەنج هیواخوازین کە دەسەڵات پێوانەی جدی بۆ هەڕەشەکانی لاوان بکەن.

ئامادەکردنی:ئارام حسێن

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com